# چاودێری پەرلەمان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن (خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨-٢٠٢٢) بەنموونە)

ڕێزان محی الدین نجیم[1]    پ. ی. د. چواس حسن رسول[2]

[1]کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]ڕاوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی سیستەمی پەرلەمانی لە دیمۆکراسیی نوێنەرایەتییدا، بریتیە لە بوونی هاوسەنگی و هاریکاریی لەنێوان دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا سەرەڕای جیاکردنەوەیان لەیەکدی، لەوەشەوە چاودێری پەرلەمانیی دەبێتە ئەرکێکی پێوویستی دەسەڵاتی یاسادانان شان بەشانی ئەرکەکانی دیکەی. لەوەشەوە هەر لەسەرەتای دامەزرانی هەرێمی کوردستان-عێراق لەبەرەنجامی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا، یاسادانەری هەرێم، ئەرکی چاودێری کردنی حکومەتی بە پەرلەمانی کوردستان سپاردووە، لەو پێناوەشدا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەدرێژی باسی لە ئامرازەکانی چاودێری کردنی پەرلەمانیی کردووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کە چاودێری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٨-٢٠٢٢) لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان هەڵبسەنگێنێت، لەڕێگەی خستنەڕووی داتاکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی چاودێریکردن، وەك لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتوون، لەلایەن پەرلەمانتارانەوە. پاشان دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە چاودێری کردنەکە بەهێز و بەپێی پێوویست نەبووە، بەتایبەت لە ئامرازە بەهێزەکانی چاودێری کردندا وەك پرساندن و وەرگرتنەوەی متمانەدا، و گرنگترین هۆکارەکانی نزمی ئاستی چاودێری کردنەکەش دەخاتەڕوو.

کلیلی وشەکان: چاودێری کردن، پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن .

## ١. پێشەکی

لە سیستەمی پەرلەمانییدا، شانبەشانی پرەنسیپی جیاکردنەوە لەنێوان دەسەڵاتەکانی دەولەتدا (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) پرەنسیپی هاوکاری و هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکانیش پەیرەو دەکرێت، ئەوەش بۆ ئەوەیە ڕێگری لە چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ناوەندێکدا بکرێت لەلایەك، لەلایەکی دیکەش ئەو جیاکردنەوەیە نەبێتە هۆکاریک بۆ دابڕاندنی دەسەڵاتەکانی ناو دەوڵەت لە یەکتری و بێسەروبەری وهەریەك بۆ خۆی بێ چاودێر کاربکات و تایبەتمەندیەکانی خۆی بە خواست و ویستی خۆی بەکار بهێنێت، چونکە هەرچەندە دەسەڵاتەکان لەیەکتری جیاوازن، هێشتا پێویستیان بە هاوکاری یەکتر و لەهەمان کاتدا بە سنورردارکردنی یەکتریش هەیە. لەوەشەوە بابەتی چاودێری کردنی نێوان دەسەڵاتەکان دەبێتە پێویستیەکی سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتی بە گشتی کە یەکەم شێوازی سەرەکیشی بریتیە لە سیستەمی پەرلەمانی.

لەو چوارچێوەیەدا لە سیستەمی پەرلەمانیدا، چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، دەبێتە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەو دەسەڵاتە، بۆیە بە درێژایی سەرهەڵدان و شکڵگرتن و پەرەسەندنی سیستەمی پەرلەمانی، سنور و ڕێکارەکانی ئەو چاودێری کردنە، شکڵی گرتووە و پەرەی سەندوە و فراوان بووە، و ئەزمونی گەلیك لە وڵاتانی دیموکراس بەشداریان تێدا کردووە و بەرەو پێشیان بردووە، بەشێوەیەك لە ئێستادا دەتوانین بڵێین کۆمەڵێك پێوەرو نۆڕمی تاقیکراوە و پەسەندکراوی جیهانیی هەن، لە چوارچێوەی ئەزمونی دیموکراسی گەلاندا، کە دەکرێت لە هەرساتێکدا پشتیان پێببەسترێت لەپەیڕەوکردن و هەڵسەنگاندن و چاککردن و بەرەوپێشبردنی هەر سیستەمێکی پەرلەمانی تازە دامەزراودا.

ئەم توێژینەوە بە لەبەر چاوگرتنی مێژووی دروستبوونی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی کوردستان-عێراق و ئەو بنەما یاساییانەی لەسەری بنیاد نراوە، لەگەڵ پەیوەندی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، لەڕێگەی ئەو ئامرازانەی بە پێی یاساکان دیاریکراوە بۆ چاودێری پەرلەمانیی، هەڵدەستین بە دیراسەکردن وهەڵسەنگاندنی ئاستی کارایی پەرلەمان لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستاندا.

یەکەم/ گرفتی توێژینەوە:

لە هەموو توێژینەوەیەك کێشەو بابەتیك بوونی هەیە کە توێژەر لێی بکۆڵێتەوە. ئێمەش لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوە دەمانەوێت هەڵوێستە بکەین لەسەر ئاستی چاودێری پەرلەمانی کوردستان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لەوەشەوە تیشك خستنەسەر ئەو بەربەست و ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا، لەبەر ڕۆشنایی سەرجەم ئالنگاریەکانی بارودۆخی ئابوری و سیاسی هەرێم بەگشتی و ئەم چەند ساڵەی دوای بە تایبەتی، بەڕێگەی خستنەڕووی ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانی کوردستان و ئەو داتا و ژمارانەی لەوبارێیەوە لەبەردەستتدان و شیکردنەوەیان.

دووەم/ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەت و گرنگی توێژینەوەکە:

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 5، العدد ١ (2024)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 25 يناير ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

زیادبوونی بایەخی چاودێری پەرلەمانیی لە بونیادنانی سیستەمی دیموکراسی و چوارچێوەدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سنوری یاسا بەرکارەکاندا بەگشتی و لەهەرێمی کوردستاندا بەتایبەتی، و پاراستنی پارسەنگ لەنێوان هەردوو دەسەڵاتەکەدا. سەرەڕای کەمی توێژینەوە لە بواری پەرلەمانی کوردستاندا، هۆکاربوون بۆ هەڵبژاردنی ئەو بابەتە.

سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەدیاری کردنی کارایی و چالاکی ئەدای چاودێری پەرلەمانی کوردستانە لە خولی پێنجەم لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەگەڵ دیاریکردنی هۆکارەکانی بونەتە ڕێگر لە بەردەم پەرلەمانی کوردستاندا لە چاودێرییەکی کارای دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، هەروەها دۆزینەوەی هۆ و ئامرازەکانی باشترکردن و دروستی ئەدای پەرلەمانی کوردستان لە ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی خۆیدا.

چوارەم/ پرسی توێژینەوەکە:

ئایا پەرلەمانی کوردستان لە خولی پێنجەمیدا بەئەرکی چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن، وەك یاسا بەرکارەکان ڕێگەیان پێداوە، هەڵساوە؟

ئەگەر پەرلەمان نەیتوانیوە چاودێرێکی کارا بێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لە چ لایەنێك و ئامرازێکی چاودێری کردندا لاواز بووە؟

هۆکارەکانی لاوازیەکانی چاودێری پەرلەمانی کوردستان یاسایین یان سیاسی؟

پێنجەم/ گریمانەی توێژینەوە

گریمانەی توێژینەوەکە بریتیە لە (پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە سەرکەوتو بێت لە ئەدای چاودێری کردن لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هۆکاری سەرنەکەوتنیشی لەو ئەرکەیدا لەلایەك خودی پەرلەمان خۆیەتی، لەلایەکی ترەوە هەژموونی حزب لە حکومەت ڕێگرە بۆ ئەدای ڕاستەقینەی چاودێری پەرلەمانیی لە هەرێمی کوردستان)

شەشەم/ میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشت بەستراوە بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی وشیکاری بۆ ئەوەی بگەین بە ڕاستیەکان، لەڕێگەی وەسفی پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەو دەسەڵاتە یاساییانەی لە چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەیەتی، لەگەڵ داتاکانی تایبەت بە ئامرازەکانی چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و شیکردنەوەیان.

حەوتەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەیەك بە ناونیشانی (تقويم اداء برلمان كوردستان-العراق (2005 – ٢٠١٣)) لەلایەن ایوب محمد طيب محمد صالح نوسراوە، توێژینەوەکە بریتیە لەتێزی دکتۆرا لە ساڵی 2019 پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی کراوە، تیایدا توێژەر ئامانجی ئەوەیە بزانێت سروشتی ئەدای پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی چەندێتیی و چۆنیەتیەوە ڕادەی سەکەوتنی لە بواری یاسادانان وچاودێری و گرنگترین ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پێشکەوتنی چین، توێژەر لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوتووە کەوا پەرلەمانی کوردستان لاوازە لە ئەداکردنی دەسەڵاتی چاودێری بە ئامرازەکانی پرساندن و لیژنەی لێکۆڵینەوە لە خولی سێیەملدا بەڵام چالاکترە وەك لە خولی دووەم. لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە کۆمەڵێك بابەتی گفتو گۆکردووە کە گرنگی بە بەرژەوەندی هاوڵاتیان داوە، بەڵام کۆمەڵێ بابەتیشی فەرامۆش کردووە کەچارەنوسساز بوون هەروەها بەربەستی دامەزراوەیی و پەیڕەوێك کە پێویستی بە گەشەسەندنە وێڕای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان سەربەخۆ نیە لە ژێر دەستوری عێراقدا، دەسەڵاتەکانی دیاری کراوە.

توێژینەوەیەکی تر بە ناونیشانی (چاودێری پەرلەمان لەسەرکارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان -عێراق) لەلایەن صبری نوری ملا، بریتیە لە نامەی ماستەر پێشکەشی زانکۆی سۆران کراوەلە ساڵی 2022. ئامانجی توێژەر زانینی توانای پەرلەمانە لە بواری کاری چاودێری تا چەند سەرکەوتو بووە. توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە بەراوردی ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانی کوردستانی کردووە لەگەڵ چەند وڵاتێک، توێژەر بەو ئامانجە گەیشتووە کە لەبواری پەیڕەوی ناوخۆ کەموکوری هەیە هەروەها ئاستی چاودێری پەرلەمانیی لە ئامرازی پرسیارکردن پەرەی سەندووە بەلام لە بواری پرساندن و لێسەندنەوەی متمانە زۆر لاوازە، هەروەها خستنەرووی بابەت وێڕای ئەوەی لە بەرژەوەندی گشتییە بەڵام ڕێژەکەی وەك پێوست نیە.

توێژینەوەیەکی تر بە ناونیشانی (دور برلمان كوردستان العراق في حماية حقوق الانسان) لەلایەن (ڕۆژگار أحمد محمود)، توێژینەوەکە تێزی دکتۆرایە، پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی کراوە، ئامانجی توێژەر ئەوەیە ڕۆڵی پەرلەمان وەك دامەزراوەیەک دیاری بکات لە دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤدا. لە توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئامانجەی، کە وێڕای ئەوەی دارشتنی یاسا پسپۆری پەرلەمانە وە لەو بوارەدا پەرلەمانی کوردستان هەوڵی داوە، بەڵام لە ئاست پێویستدا نیە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕێگەی پرۆژەیاساکان ڕۆڵی پەرلەمانی لە بواری چاودێری لاواز کردووە ولە ڕووی یاسایی بۆشای یاسایی و دەستوری هەیە.

هەشتەم/ پەیکەری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە دابەشی دووباس کراوە بە شێوەیەك لەباسی یەکەم بە شێوەی تیۆری و گشگیری باس لە پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و شێوازەکانی چاودێری پەرلەمانیی دەکەین، باسی دووەمیشمان تەرخانکردووە بۆ باسکردنی چاودێری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەم شیوەی خوارەوە:

باسی یەکەم

چوارچێوەی تیۆریی

چاودێری پەرلەمان لەسەر دەسەڵاتی جێیبەجێکردن

ئەم باسە لە دوو لق پێک دێت، یەکەمیان تەرخان دەکەین بۆ ناساندنی پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دووەمیشیان بۆ چاودێری پەرلەمانیی و شێوازەکانی بە گشتی.

لقی یەکەم

پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسیستەمی پەرلەمانیدا

ئەم لقە لە سێ تەوەرە پێك دێت، تایبەتن بە ناساندنی هەریەك لە پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بنەمای هزری پەیوەندی نێوانیان.

تەوەرەی یەکەم/ ناساندنی پەرلەمان

دەسەڵاتی یاسادانان کە ناوەکەی پتر بە پەرلەمان دێت، لە زۆربەی وڵاتان ناوی جۆراوجۆری هەیە بۆ نموونە لە ئەمریکا پێی دەووترێت کۆنگرێس، لەبریتانیا ئەنجومەنی گشتی و لۆردات و لە عێراق ئەنجومەنی نوێنەران، تەنانەت لە ڕووی پێناسەشەوە پێناسەی جۆر بە جۆری بۆ کراوە، دەتوانین بڵێین پەرلەمان (دامەزراوەیەکی دەستوری – سیاسیە کە لە ئەنجومەنێک یان زیاتر پێکدێت، ژمارەیەکی دیاری کراو ئەندامی هەڵبژێردراو یان دامەزراو یان هەردووکی لە خۆدەگرێ کە بە شێوەیەکی کاتی نوێنەرایەتی گەل دەکەن، و دەسەڵاتی بریاردان و گفتوگۆیان هەیە لە هەر بابەتێک کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گەلەوە هەبێت و گوزارشتی لێ دەکات) (وەیسی، 2019، ل34).

ووشەی پەرلەمان (parliament) بەئینگلیزی لە بنچینەدا وشەیەکی فەڕەنسیە ( le , Parlement) بەمانای ئاخاوتن دێت (،عمر-ڕەشید،٢٠١٦،ل٢١٢ ). ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار لە سەدەی سیانزەهەم بەکار هاتووە، لە پاشان زاراوەکە کۆمەڵێ دەستەواژەی بۆ بەکارهاتووە لەسەردەمی پاشایەتی ڕەها لە بەریتانیا لە ئەنجومەنیك پێك هاتووە بە (House of lords) ناونراون کە لە پیاوانی پاشاو پیاوانی ئاینی و خانەدانەکان پێکهاتبون، کە دەسەڵاتی ڕاوێژکاری و هەندێ دەسەڵاتی دادوەریان هەبووە. لەپاڵ ئەو ئەنجومەنە ئەنجومەنی پاشاش هەبوو، کە لە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیرانی ئیستا بوون. لەسەردەمی پاشایەتی پاپەند، ئەنجومەنی گەورە بە هۆکاری ئەوەی نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵك نین دابەشبوون سەرەنجام ئەنجومەنی گشتی ( House of commons) دروست بوو (زنکنە،٢٠١٥ص٨١-٨٥).

سەرهەڵدانی پەرلەمان و سیستەمی پەرلەمانی لەدوو سەرچاوەوە بووە، یەکەمیان جیاوازی سەرچاوەی دەسەڵاتی دوو دامەزراوەی دەوڵەت، ئەوانیش دەسەڵاتی پادشایە کە لە خوداوەندەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوی تریان دەسەڵاتی خەڵکە کە لە پەیمانی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرێ و لە پەرلەماندا بەرجەستە دەبێت، سەرچاوەی دووەمیشیان بریتیە لە جیاوازی لە نێوان دوو وێنەی دیموکراسی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) (زهاوی، 2015، ص46).

بەریتانیا نیشتمانی سەرەکی سەرهەڵدانی سیستەمی پەرلەمانیە، مێژوویەکی دووردورێژی هەیە لە بەرەوپێشچون و پێشکەوتنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی، بەتایبەتی پەرلەمان. لەسەرەتادا بارۆنەکان و پیاوانی ئازاد پاشایان ناچارکرد دان بەئازادیە بنەڕەتیەکان دابنێت ئەوەش لە بەڵگەنامەی مەگناکارتا (Magnacarta) لە ساڵی 1215 جێگیرکرا (زبیح، 2013، ص67). پاشانیش پێکهاتەی پەرلەمانەکە هەر لەبەریتانیاوە پەرەی سەند بە پێکهێنانی لیژنەکانی پەرلەمان، ئەوەش دوای ئەوەی کە یەکەم لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ساڵی 1689دا لە دوای ئەوەی بەریتانیا چووە جەنگەوە لەگەڵ ئێرلەندا پێکهێنرا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لیژنە پەرلەمانیەکانی ئەوکات کارایەکی ئەوتۆیان نەبوو تا لە ساڵی 1770دا یاسایەکی تایبەت دەرکرا کە بە یاسای جرینیل (Grenville) ناسراوە، و تیایدا دەسەڵاتێکی فراوانتری بە لیژنەکانی پەرلەمان دابوو (طمعة الكوفي، ٢٠١٨، ص23-25).

لەڕاستیدا لە ساڵی (1782) دوای ئەوەی پەرلەمان بڕیاری لێسەندنەوەی متمانەی لە وەزارەتەکەی (لۆرد نۆرث)دا، وەرچەرخانێکی سەرەکی لە سیستەمی پەرلەمانیدا ڕوویدا، بەوەی ئاراستەکردنی ڕاپۆرتی بەرپرسیاریەتی حکومەت لەبەردەم سەرۆکی دەوڵەت گۆڕا بۆ بەردەم پەرلەمان، لەوەشەوە بەخشین و وەرگرتنەوەی متمانە لە حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە و بەرپرسیارێتی حکومەت لەبەردەم پەرلەماندا جێگیر بوو ( ذبیح 2013، ص67. ). بەوشێوەیە بە تێپەڕبوونی کات گەشەکردنی سیاسی و سیما تایبەتیەکانی سیستەمی پەرلەمانی دەرکەوت. بەگشتی سیستەمی پەرلەمانیی لە بەریتانیا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە (حسن، 2009، ل40دواتر):

قۆناغی پاشایەتی ڕەها بوو کە لە ساڵی 1066 تا سەدەی حەڤدەی خایاند. لەو قۆناغەدا دەسەڵاتەکانی پەرلەمان ئەوتۆ نەبووە هەر پاشا دەسەڵاتی سەرەکی و کۆتایی لەلابوو.

قۆناغی بوونی پەرلەمانێکی خاوەن دەسەڵات بوو، بەڵام بە هاوکاری پاشا، ئەوەش لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا بوو، کە لەبەرنجامی شۆڕشەکاندا گۆڕانکاری گەورە لە بوارەکانی سیاسی و ئیداریدا لە بەریتانیا ڕوویاندا.

قۆناغی سەرهەڵدانی پەرلەمانێکی بەدەسەڵات و حکومەتێکی بەرپرسیارە و تیایدا تەواوی خەسڵەتە سەرەکیەکانی سیستەمی پەرلەمانی دەرکەوتن و جێگیربوون. ئەم قۆناغەش لە بەریتانیا لە ماوەی حکومڕانی شاژنە ڤیکتۆریا لەسالآنی (1901-1837) و لە ئەمریکاش لە شۆڕشی ساڵی ١٧٧٦ و فەڕەنساش لە شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩دا، کە نوێنەری چینی دەرەبەگ و میرەکان لەپەرلەمان گۆڕدران بە نوێنەرانی خەڵك، سەری هەڵدا.

کەواتە سیستەمی پەرلەمان و پەیدابونی پەرلەمان لەڕێگەی فەلسەفەیەکی دیاریکراو و لەڕووداوێکی کتوپردا نەبووە، بەڵکو لەبەرنجامی گەشەی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ململانێی نێوان پەرلەمان و پاشا بووە، شانبەشانی ئەوانەش فاکتەری ئابوری وەك هەمیشە هۆکاری بەهێز بوو لە دروستبونی گۆڕانکاریەکان. لەلایەکی تریش پێوویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە کاتی سەرهەڵدانی پەرلەمان و سەرهەلدانی سیستەمی پەرلەمان جیاوازن، چونکە زۆر پێش دروستبون و شکڵگرتنی سیستەمی پەرلەمانی، پەرلەمان وەك دامەزراوە بونی هەبووە، بەڵام لەماوەی گۆڕانکاریە سیاسی و ئابووریە گەورەکانی ئەوروپا لەماوەی نێوان سەدەکانی شازدە و نۆزدەدا، دەسەڵاتەکانی پەرلەمان زیادیان کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی پەرلەمان لە دوو شێوەدا خۆیان دەبینێتەوە (بالكي، 2010، ص63):

ئەرکی یاسادانان.

ئەرکەکانی دیکە جگە لە یاسادانان، ئەوانیش بریتین لە:

أ- ئەرکی چاودێری کردن.

ب- ئەرکی سەروەری.

ج- ئەرکی دارایی.

ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لەم دوایانەشدا پەرلەمان بەڕێگەی دیبلۆماسیەتی پەرلەمانییەوە ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی وڵاتان دەگێڕێت و بوەتە کەناڵێك بۆ بەرەوپێشچونی پەیوەندیە دەرەکیەکان (عبده امام، ص١٠١٧).

تەوەرەی دووەم/ دەسەڵاتی جێبەجێکردن

دەسەڵاتی جێبەجێکردن بریتیە لە دەسەڵاتێك لە سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت (البحري، و2018، ص282). ئەرکی دروستکردنی سیاسەتەکان و جێبەجێکردنیانە لە چوارچێوەی یاساکاندا، هەیکەل و پێکهاتەو تایبەتمەندیی و ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم دەسەڵاتە لە سیستەمیکەوە بۆ سیستەمێکی تر جیاوازە. لەڕووی مێژووییەوە ئاماژە بۆکردنی ئەم دەسەڵاتە وەك یەکێك لەسێ دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانەکان، کاتێك ئەڕستۆ بناغەی دەوڵەتی لەسەر سێ پایە دانا کە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرین (ئاکریی، 2012، ص30).

پێکهاتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پێی سیستەمی حوکمڕانی دەگۆڕێت، لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا لە یەك بەش پێکدێت کە سەرۆکی وڵاتە وەك لە ئەمریکا دەبینرێت، بەڵام لە سیستەمی پەرلەمانیدا، لە دوو بەش پێك دێت، بۆیە لە گرنگترین تایبەتیەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەو سیستەمەدا بریتیە لە دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە ئەوانیش بریتین لە سەرۆکی وڵات و ئەنجوومەنی وەزیران.

یەکەم/ سەرۆکی وڵات

سەرۆکی وڵات لە سیستەمی پەرلەمانی پاشایی بێت یان کۆماری، بەوە جیادەکرێتەوە کە لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیار نیە، هەر بۆیەشە دەسەڵاتەکانی کەم و پرۆتۆکۆلین، واتا خاوەنداره بەڵام حوکم ناکا، ئەو نابەرپرسیاریەتی بوونەشی لەلایەن زانایانی دەستوریەوە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێندرێتەوە:

بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت (Lanation de raison d Etat)، کە ڕاستەوخۆ لە سەرۆکی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە پێویستە سەرۆکی دەوڵەت بێلایەن بێ لە بەرامبەر هەموو دەسەڵاتەکان (حمەکریم و عبدالكريم، 2019، ص١٣١٨). هەر لەو بارەیەوە (ئەندرێ هۆریۆ) دەڵێ (سەرۆکی دەوڵەت نابێ لەئەنجامی کێشەو ناکۆکی نێوان پەرلەمان و حکومەت زیانی پێبگات) (عبدالله، 2009، ص141) ئەمەش لەبەرئەوەی کەسایەتی سەرۆکی دەوڵەت ڕاستەوخۆ پەیوەنداره بە خاکی وڵاتەوە.

سەرۆکی دەوڵەت ڕۆڵی دەسەڵاتێکی دادوەری دەگێڕێ لە نێوان دەسەڵاتەکانی تری دەوڵەتدا و ئەرکی سەرەکی ئەوەیە هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان بپارێزێ (عبدالله، 2009، ص141).

دووەم/ ئەنجومەنی وەزیران

لەسیستەمی پەرلەمانیدا ئەوەی بەرپرسیاریەتی لەسەر شانە و ڕۆڵە سەرەکیەکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەگێڕیت، ئەنجوومەنی وەزیران (حکومەت)ە (حسن البحری). بەواتای چەرخی لێخوڕینی کەشتی دەوڵەتە و بەرپرسیاریەتیش بەشێوەی تاك یاخود بە کۆمەڵە هەر لەسەرشانی خۆیەتی (الحوراني، 2016، ص١٦٢). ئەنجومەنی وەزیرانیش پێکدێت لە وەزارەتەکان و سەرۆك وەزیران، هەریەکە لەو دووبەشە وەك لایەنێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پێویستە جێگەی متمانەی پەرلەمان بن. وەزارەتیش یەکەیەکی بەیەکەوە گونجاوی یەکگرتون کیانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە سیاسەتی گشتی و کاروباری گەل بە دەرکردنی بڕیاری گشتی ڕاپی دەکات (عبدالله، 2013، ص153). ئەنجومەنی وەزیران بە دەسەڵاتی سەرەکی دادەنرێت لە بواری پڕاکتیکی بەرنامەو سیاسەتی گشتیدا، کە ئەندامانی خاوەن پارتی زۆرینە لەناو پەرلەمان، یان لە ڕێگەی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتەکانی تر پێکی دەهێنن (حمید، 2009، ل141).

تەوەرەی سێیەم/ بنەمای هزری پەیوەندی نێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن

ناوەڕۆکی چەمکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بریتیە دیاریکردن و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بەسەر چەند دەستەیەکدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، واتای ژمارەیەك دامەزراوەی دەستوریی لەدەوڵەتدا هەن، کە پێویستە جۆرێك لە دابەشکاریی لە دەسەڵات و ئەرکدا لە نێوانیاندا هەبێت لەگەڵ بوونی هاوسەنگی و هاوکاری لەنێوانیاندا، بێ دەستوەردان لە کاروباری یەکتری.

دوو جۆر لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەیە، یەکێکیان جیاکردنەوەی ڕەهایە، ئەوی تریان جیاکردنەوەی ڕێژەی و نەرمە. بیرۆکەی، جیاکردنەی لەنێوان دەسەڵاتەکاندا بیرۆکەیەکی کۆنە، بۆیە پێوویستە جیاوازی لە نێوان دوو پرنسیپدا بکەین لە بارەیەوە:

1- دابەشکردنی ئەرکەکان (تقسيم الوظائف)

گومان لەوەدا نیە دەوڵەت ئەرکی جۆراوجۆری هەیە، لەوانە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری..هتد، بەڵام هەموو ئەو ئەرکانە بۆ مەبەستێکی سەرەکیە، کە بەرقەرارکردن و چەسپاندنی یاسایە لە هەموو بوارەکاندا. لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەت سێ ئەرك بەجێ دەگەینێت، کە بریتین لە ئەرکی یاسادانان و ئەرکی جیبەجێکردن، واتا جێبەجی کردنی یاساکان و ئەرکی دادوەری، کە بریتیە لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان لە نێوان تاك و دەوڵەت یان تاکەکاندا (حمدامين، 2000، ص41)، لێرەوە چەمکی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان هەرگیز مانای دابەشکردنی ئەو ئەرکانە ناگرێتەوە (امين، 2000، ص59).

2- دابەشکردنی دەسەڵات (توزيع السلطة)

مەبەست لە دابەشکردنی دەسەڵات بریتیە لە دابەشکردنی بەسەر سێ دامەزراوەدا، بە پێی ئەو سێ ئەرکانەی کە دەوڵەت لە بوارەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییدا هەیەتی، واتە لێرەدا دامەزراوە گشتەیکان دابەش دەبن بۆ چەندایەتی و چۆنایەتی. ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو ئێمە زیاتر لە یەك دامەزراوەمان هەیە، و هەریەکێشیان تایبەتمەندی (اختصاصات) خۆیان هەیە. دابەشکردنی دەسەڵات شانبەشانی مەدەنیەت و کێشەوبیرۆکەکانی تایبەت بە دەوڵەت سەری هەڵداوە (حمید، 2009، ل53).

بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دوو ڕەهەندی سەرەکی پێك دێت، یەکێکیان ڕەهەندی سیاسیە بەستراوەتەوە بە چەمکی دەسەڵات بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان لە دەست ناوەندێکدا کۆ نەبێتەوە و کەسێك یان دەستەبژێرێك زاڵ نەبێت و زۆرداری و دیکتاتۆری دروست ببێت، ڕەهەندی دووەم یاساییە کە پەیوەستە بەدابەشکردنی ئەرکەکانی دەوڵەت و گرەنتی دەستەبەرکردنی ئازادیەکانی تاك.

ناوەڕۆکی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەو شێوەی مۆنتسکیۆ دایناوە، دەسەڵاتەکان بۆ سێ دامەزراوە دابەش ببێت و پسپۆڕی دروست بێت، چونکە لە بنەڕەتدا بیرۆکەکە کارکردنە بە سیستەمی دامەزراوەو سیستەمکاری کۆمەڵی و هەرەوەزی و بەهەندوەرگرتنی بیروبۆچون و

هەوڵی یەکتر. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەهەردوو شێوەیەوە دابەشکردنی ئەرك و دەسەڵات، مێژویەکی دوورو درێژی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان دواتر بیرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەسەدەی حەڤدە و هەژدەهەمدا.

لقی دووەم

چاودێری پەرلەمانیی و شێوازەکانی

یەکێك لە گرنگترین کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان پێی هەڵدەستێت شانبەشانی دارشتنی یاساکان و کاری پەسەندکردنی بودجە، بریتیە لە چاودێری کردن لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پەرلەمان بە مەبەسی هەستان بەو کارە پشت بە دەقە دەستوریەکان دەبەسێت، هەروەها ئەو پەیوەندیە دولایەنەی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان وجێبەجێکردن، بە تایبەت لە سیستەمی پەرلەمانیدا، چونکە بنەمای چاودێری کردن دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروست بوونی پەرلەمان، بە تایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاست لەبەریتانیا، کە مەبەستی بوو چاودێری دەسەڵاتی پادشا بکات. بۆیە لێرە بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر چاودێری پەرلەمانیی وبنەچەو مێژوو سەرهەڵدان وئامانجەکانی لەم تەوەرانەی خوارەوەدا:

تەوەرەی یەکەم/ ناوەڕۆکی چاودێری پەرلەمانیی

چاودێری پەرلەمانیی لە سیستەمی پەرلەمانیدا بەندە لەسەر بنەمای هاوکاری و هاوسەنگی لە نێوان پەرلەمان، کە سەرچاوەکەی لە گەلەوەیە، لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەواتای پەرلەمان بەو ڕێگەیەوە گەرەنتی جێبەجێکردنی یاساکانی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەکات (أبو یونس، ٢٠١٢، ص5). چاودێری پەرلەمانیی هۆکاریکە بۆ پاراستنی سەروەری گەل، پارێزگاری کردنە لە بنەمای هاوسەنگی دەسەڵاتەکان (شاکر الغرب، 2019، ص11)، هۆکارێکە بۆ کارایی بوون لە دروست ئیدارەدانی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی دەوڵەت (فیصل، 2009، ص2349)، ناوەڕۆکی دەستورەکان لە سیستەمی نوێنەرایەتیدا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناچاردەکەن بە ملکەچبون بۆ چاودێری پەرلەمانیی، بەمەبەستی هێنانەدی سەقامگیری سیستەم، (الحاج، 2016، ص35)، چەمکی چاودێری پەرلەمانیی لە بواری دەستوریيدا گرنگی زۆری هەیە، بەڵام لە ڕوی پێناسەوە گرنگی زۆری پێنەدراوە. شنطاوی پێناسەی دەکا بەوەی (ئەو ئەرکەیە کە دەسەڵاتی پسپۆڕ پێی هەڵدەستێت بە مەبەستی بەجێهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان لە کاتێکی دیاریکراودا) (عبده امام، ص15). کەواتە چاودێری پەرلەمانیی پڕۆسەی سەرپەرشتی کارە سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی ویاساییەکانە، بە مەبەستی هێنانەدی سیستەمێکی چاودێر لە دەوڵەت بەشێوەی شارەزا و چالاک بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ لە هەمانکاتدا.

مێژوی سەرهەڵدانی چاودێری پەرلەمانیی، دەرئەنجامی کۆمەڵێك بارودۆخی دیاری کراوە، کە لە ناوجەرگەی ئەوروپا سەری هەڵداوە، لە دەرئەنجامی بەرزبونەوەی ئاستی ناڕەزای خەڵك لەبەرامبەر زیادەڕەوی دەسەڵاتی پاشاکان سەریهەڵداوە، چونکە لەو سەردەمەدا پاشاکان خۆیان بە نوێنەری خواوەند لەسەرزەوی زانیوە ، هەروەها بەرەنجامی زیادبونی جەنگەکان، و خەرجی سوپاکان بوو کە بەرێگەی باجەکانەوە دابین دەکرا، لەبەر ئەوە پاشاکان ناچاربون چاوپۆشی لە بەشێك لە دەسەڵاتەکانیان بکەن، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی خەڵك بۆئەوەی ڕەوایی بۆ کارەکانیان بەدەستبهێنن.

پێویستە بزانرێت کە چاودێری لە سیستەمی پەرلەمانییدا، ئامرازی ساغ کردنەوەی کێشمەکێشی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن نیە، هۆکارێک نیە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی تایبەت و ڕاکێشانی دەنگدەران و ڕای گشتی لەڕێگەی چاودێرییەوە، بەڵکو زۆر لەوە گرنگترە، بەڵکو ئامانجی چاودێری پەرلەمانیی زۆر لەوە فراوانترە و دەکرێت بەگشتی کورتبکرێنەوە لە(الزهيري، ٢٠١٣، ص95 و ذبیح، ٢٠١٣، ص95):

بەدواداچون لەسەر ئەوەی تاچەند کارەکانی حکومەت هاوکوفە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا.

لێپێچینەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە شێوەی تاك بێت یاخود کۆ.

دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر بودجە و سیاسەتی ئابوری کە حکومەت هەڵدەستێ بە پیادەکرنی. و چاودێری خەرجیی و ڕووبەڕوبونەوەی بیرۆکراسیەت، چاودێری سیاسەتی دەرەکی وبەرگری.

ڕاگرتنی حکومەت لەسەر ئەو کارانەی لەگەڵ دەستورو یاسای گشتی گونجاو نین.

بەرزکردنەوەی ئاستی بەڕێوەچون و جێبەجێکردن ودەسپاکی و شەفافیەت لەسەرجەم ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە دەزگا گشتیەکانی دەوڵەت وپاراستنی سەربەخۆیی و پیشەییان.

پاڵپشتی کردنی سیستەمی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ودیاریکردنی ئاستی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی هاوکاری و هاوسەنگی.

تەوەرەی دووەم/ ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانیی

ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانیی ئەو ڕێوشوێنە یاساییە ڕاستەوخۆیانە دەگرێتەوە، کە پەرلەمان لە چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، بۆی هەیە بیانگرێتەبەر. ئەوانەش سەبارەت بە ڕێوشوێن و کات و ساتی گرتنەبەریان و دەرەنجامەکانیان دابەشی دوو شێواز دەبن، هەندێکیان قورسن و سەردەکێشن بۆ متمانەوە سەندنەوە، هەندێکیشیان قورس ناکەون لەسەر حکومەت.

هەرچەندە ژمارەی ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانیی لەسیتسەمی یاسایی دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە:

یەکەم: پرسیارکردن (السؤال)

ئامرازێکە لە ئامرازەکانی چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەوە پێناسە دەکرێت، کە بریتیە لە (پرسیارکردن لەو کارانەی حکومەت کە پەرلەمان یاخود نوێنەران زانیاری تەواویان لەبارەیانەوە نیە و بۆ گەیشتن بەڕاستی یان بە مەبەستی ئەوەی سیاسەتێك لە سیاسەتەکانی حکومەت ڕاگرێت، بەکاری دەهێنێت، چونکە هاوکوف نیە لەگەڵ ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان پەسەندکراون) (زهاوی، 2015، ص256.)

پرسیار کردن لەگەڵ ئامڕازەکانی تری چاودێری پەیوەندیەکی گرنگی هەیە، هۆکارێکی لۆژیکی و سەرەتاییە بۆ پەنابردنە بەر ئامڕازە توندەکانی چاودێری پەرلەمانیی، وەك پرساندن، کە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ وەرگرتنەوەی متمانە.

بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش هەن سەبارەت بە مەرجەکانی پرسیارکردن:

پێویستە پرسیارەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی بن، بۆ خزمەتی بەرژەوەندی تایبەت و کەسی مەبەستی لەکەدار کردن نەبێت.

ناکۆك نەبێ لەگەڵ بنەما یاسایەکان و دەستوری وڵات لەو چوارچێوەیە دەر نەچێت.

ئەو بابەتانەی گرنگی پێ دەدەن گرنگیەکی گشگیری هەبێت و لاوەکی نەبێت.

دووەم: پرساندن (الاستجواب)

وێرای ئەوەی پێناسەی جۆراوجۆر بۆ پرساندن کراوە، بەڵام گرنگترینیان بریتیە لەوەی (مافی ئەندامی پەرلەمانە لە تۆمەتبارکردن و پرساندنی حکومەت، جا یەکێك لەئەندامەکانی بێت یان بەکۆمەڵ، لەسەر ئەو زیادەڕۆیی و هەڵانەی دیاریکراون کە تێوە گلاوە و بەبەڵگە لەسەری چەسپاوە و پێشکەش کراوە بۆپرساندن لەبەردەم پەرلەمان. کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەپەرلەمان بەمەبەستی جوڵاندنی بەرپرسیارێتی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەت یان یەکێك لە ئەندامەکانی لە دوای ئەوەی حکومەت بەرگری تەواوی لەخۆی کرد بۆ ئەو تۆمەتانەی دراویەتە پاڵی) (باز، 2015، ص٣٠)

پرساندن یەکێکە لەو ئامڕازانەی زانایان بە کۆنترین و قورسترین ئامرازی دەزانن لەسەر حکومەت، چونکە: (أبو یونس، 2012، ص١٣١)

سروشتی تۆمەتباریی پێوە دیارە جا بە تاك بێت یان بە کۆمەڵ.

سزاکانی قورسن، چونکە بابەتی وەك بەرپرسیاریەتی وەزاری و لێسەندنەوەی متمانە دەوروژێنێ.

لە سۆنگەی تێگەیشتنمان بۆ دەرئەنجامەکانی، بەکارهێنانی ئەم ئامرازە ئیدانەکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، یان سوپاس و پێزانینە ئەگەر توانی پەرلەمان بگەیەنێتە خاڵی دڵنیایی و وەڵامی دروستی دایەوە. هەروەها بەکارهێنانی ئەو ئامرازە ئەوەدەگەیەنێت، کە پەرلەمان لە ئەرکی چاودێری سەرکەوتووە و لە هەمانکاتدا حکومەت خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ لە بەرامبەر پەرلەماندا، بە هێزی ئاستی دامەزراوەی بوون ومتمانەی سیاسی و بە مەدەنی بونی کەلتوری کۆمەڵگا دەر دەخات.

سێیەم: لێکۆڵینەوەی پەرلەمانیی (التحقیق البرلماني)

یەکێکە لە ئامڕازەکانی چاودێری پەرلەمانیی، ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ ئەو بابەتەی وادوخوازێت پەرلەمان زانیاری لەبارەوە هەبێت، مافیکە دراوەتە پەرلەمان لە ڕووی سیاسی و کارگێڕی وداراییەوە لێکۆڵینەوە لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت بکات، دەکریت ڕاستەوخۆ پەرلەمان پەنای بۆ ببات یان کە لە پرساندن نەگەیشتە ڕێگەچارەی قایلکەر و دڵنیاکەرەوە، جا لەڕێگەی پێکهێنانی لیژنەی تایبەتەوە بێت یاخود لەڕێگەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانەوە لێکۆڵینەوەکان ئەنجام بدرێن (حفظ، 2014، ص٧٦).

ئەم ئامڕازە لە سەرەتادا لەبەریتانیا دا لە کۆتایەکانی سەدەی حەڤدەهەم گەشەی کردوە، کاتێك لە سەردەمی پاشا ئێدواردی دووەم لە ساڵی (1689) لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکهات بۆ لەسەر حکومەت بە هۆی خراپ بەڕێوەبردنی شەڕەوە لەگەڵ ئێرلەندا (الحاج، 2016، ص144) و پاشان لە فەڕەنساش لە سەدەی نۆزدەهەم بەکارهات (أبو یونس، 2012، ص112).

هەروەها ئەم ئامرازە، یاریدەدەری پەرلەمانیشە بۆ ڕوونكردنەوە لەسەر دەركردنی یاسایەك پێش دەركردنی، یان زانینی ڕاستیەك و ڕاگرتنی سەرپێچییەكی حكومەت (الحاج، 2016، ص39).

چوارەم: متمانە سەندنەوە (سحب الثقة)

لە سەرەتاكانی سەدەی چواردەهەم، دوای ئەوەی گەلی بەریتانیا زانیان كە دەسەڵاتی ڕەهای پاشا و نابەرپرسیاری سیاسی ڕێگر نیە لەوەی ببنە چاودێر بەسەر دەسەڵاتی ڕاوێژكار و بەرپرسان، بەرپرسیاریەتی سیاسی سەرهەڵدەدات، دەنگدان بە لێسەندنەوەی متمانە لە حكومەت بە گرنگترین ئامرازی چاودێری دادەنرێت (زنكنە، ٢016، ص234). متمانە سەندنەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕەوایی گەلەوە هەیە. ئامرازێكە كە هاوسەنگی لەنێوان حكومەت و پەرلەماندا دەهێنێتەدی، چونكە لەكاتێكدا حكومەت مافی هەبێت كە پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوا پەرلەمانیش دەتوانێت متمانە لە حكومەت وەربگرێتەوە، بەوەش هەریەكێكیان چەكێكیان لە دەستە بەرامبەر ئەوی تر، ئەوەش لەبەرپرسیارەتی حكومەتەوە لەبەردەم پەرلەمانەوە سەرچاوەی گرتووە، كە دەستەبەری ئازادیە گشتیەكان دەكات، كاتێك دەسەڵاتی جێبەجێكردن مەیلی بەزاندنی ئەو سنورانەی هەبێت كە بۆی دیاری كراوە (مشاری، 2016، ص108).

پەنابردنە بەر ئەم ئامرازەی چاودێری كردنەش پێوویستە بەڕێكاری تایبەت بەخۆیدا بڕوات كە دەستور و یاسا بەركارەكان دیارییان كردووە، لەوانەش پێشتر لێپرسینەوە كرابێت، پێوستی ژمارەیەكی دیاریكراو لە نوێنەران داوای بكەن، لە كاتی دیاری كراودا بێت و لە ڕێگەی دەنگدان بێت و زۆرینەیەكی دیاریكراو دەنگی پێ بدات (بحری، 2018، ص٣٦ومابعدها). بە قورسترین ئامراز دادەنرێت و دەرهاویشتەی چاودێریەكی چڕی پەرلەمانیە.

پێنجەم: خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆ (طرح موضوع عام للمناقشة)

خستنەڕوی بابەتیك بۆ گفتوگۆ، ووروژاندنی بابەتێكی گشتییە كەپەیوەست بێت بە ئەرك و دەسەڵاتەكانی حكومەت، مافێكی پەرلەمانە داوا بكات گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر بابەتێك لەگەڵ حكومەتدا بكات (أحمد، 2014، ص47). ئەم ئامرازە لەگەڵ ئەوەی ئامرازێكی چاودێریە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستدرێژكردنی هاوكارییە بۆ حكومەت، چونكە ڕەنگە لۆمە و تانە نەبێ بۆ سیاسەتەكانی حكومەت، بەڵكو پتر گفتوگۆیەكە لەنێوان حكومەت و پەرلەماندا لەسەر بابەتێكی گرنگی گشتی و لەوانەیە ببێتە هۆی دروستكردنی جۆرێك لەتێگەیشتن لەنێوانیاندا لەلایەك و ببێتە هۆی گەیشتن بە كۆمەڵێك ڕێگەچارەسەرش بۆ كێشە یان بابەتەكەی گفتوگۆی لەبارەوە دەكرێت، بۆیە وەك ئامرازێكی چاودێری قورس لێیناڕوانرێت.

خستنە ڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆ پێویستی بە كۆمەڵێك مەرجی تایبەتی هەیە كە لەلایەن یاسابەركارەكان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە ڕێكخراوە وەك، پەیوەستبوون بە ڕێژەیەكی یاسای دیاریكراو لە ئەندامانی پەرلەمان بۆ پێشنیاركردنی بابەتێك بۆ گفتوگۆكردن، بابەتەكە گشتی بێت، گرێدراوی چالاكیەكانیی حكومەت بێت و دژی دەستوور و بەرژەوەندی گشتی نەبێت و پەیوەست بە دەسەڵاتی دادوەری نەبێت و نەبەسترابێتەوە بە نهێنی دەوڵەت (طبطبائي، مشاري، حسام، ١٩٧٦، 2016، 2010، ص302-301،٣٦٤،٢٨٠).

باسی دووەم

چاودێری لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

ئەم باسە دابەش دەكەین بۆ سێ لق، لە لقی یەكەمدا پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێكردنی هەرێمی كوردستان -عێراق دەناسێنین، لە لقی دووەمدا هەڵسەنگاندن بۆ چاودێری پەرلەمانیی دەكەین لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستاندا و لە لقی سێیەمدا بەربەستەكانی بەردەم پەرلەمانی كوردستان بە گشتی و خولی پێنجەم بەتایبەتی، لە چاودێری كردنی دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەهەرێمی كوردستاندا دەخەینە ڕوو.

لقی یەكەم

پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجیكردن لە هەرێمی كوردستاندا

بەمەبەستی شیكردنەوەیەكی وردی بابەتیانە بۆ هەر یەكە لەو دوو دامەزراوانە، ئەم لقە لە چوارچێوەی سێ تەوەرە دەخەینە ڕوو:

تەوەرەی یەكەم/ پەرلەمانی كوردستان-عێراق

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی و پاشان كشانەوەی دامودەزگا حكومیەكانی عێراق لە بەشێكی كوردستانی باشوور. لەپێناو بەرژەوەندی گشتی گەلی كوردستان، بەرەی كوردستانی، كە ئەوسا دەسەڵاتی دیفاكتۆ بوو و لە زۆربەی هەرە زۆری حزبە سیاسیەكانی كوردستان پێك دەهات، لە ڕێكەوتی ٨/ ٤/ ١٩٩٢دا یاسایەكی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەركرد، كە دواتر بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ناسرا، هەڵبژاردنی پێكهێنان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی لە ١٩/ ٥/ ١٩٩٢ پێ ئەنجامدرا. بەوەش كورد لە عێراق بوونە خاوەن یەكەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی ڕاستەقینەی خۆیان و پەرلەمانی كوردستان بووە بناغەی پێكهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و هەنگاونان بەرە و ژیانێكی مەدەنی ودیموكراسیەت (كریم، 2010، ص56)، پەرلەمانی كوردستان ئەگەر بنەمایەك بێت بۆ دامەزراندنی قەوارەیەكی سیاسی، لە هەمانكاتدا دامەزراوەیەكی شەرعی هەرێمی كوردستان بووە بۆ ڕەواییدان بە دامەزراوەكانی تر لە كوردستانی باشور، چونكە هەڵقوڵاوی ویست و دەنگی هاوڵاتیان بووە. لە ئێستادا لە (111) كورسی پێك دێت، كە بە لیستی نیمچە كراوە و بەپێی سیستەمی ڕێژەی یەك بازنەیی هەڵدەبژێردرێن(صادق، 2020، ص57).

پەرلەمانی كوردستان لە سەرەتای دروستبونیەوە تا ئەمڕۆ (5) خولی تەواو كردووە، لەگەڵ ئەوەی هەرێمی كوردستان دەستوری نیە، بەڵام هەندێك یاسای بنەڕەتی هەیە كە مۆركی دەستورییان هەیە، لەوانەش یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992، كە بەشێكیشی تایبەتە بە ڕێكخستنی پەرلەمان، لە ناویشیدا ئەركی چاودێری كردنی دەسەڵاتی جێبەجێكردنی پێداوە، دواتر پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٨، بەشی حەوتەمی خۆی لە ماددەی (٥٨) تا ماددەی (٧٦)، بۆ چاودێری پەرلەمانیی بە وردەكاریەكانی ئەو بابەتە، بەتێروتەسەلی تەرخان كردووە.

تەوەرەی دووەم/ دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەهەرێمی كوردستان

دەسەڵاتی جێبەجێكردن لە هەرێمی كوردستان، بەو پێیەی كە سیستەمەكە دیمۆكراسی پەرلەمانییە، بۆیە دوانە دامەزراوەییە، ئەوانیش (سەرۆكی هەرێم و حكومەتی هەرێمی كوردستان)ن. كە لەخوارەوە تیشكێك بەخێرایی دەخەینە سەر هەریەكیان.

یەكەم/ سەرۆكی هەرێمی كوردستان

بە پێی یاسای ژمارە (1) ساڵی 2005 دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێم پێكهێنرا، بەوەی كە هەرێمی كوردستان سەرۆكێكی دەبێت بە ناوی (سەرۆكی هەرێم) كە سەرۆكی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێكردنە، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی كوردستانیشە، جگە لەوەش دەسەڵاتی پێشكەش كردنی پڕۆژە یاساو بڕیارەكانی، لەو بابەتانەی پەیوەندارن بە سەرۆكایەتی هەرێمەوە، هەیە، لەگەڵ دەركردنی یاساكان دوای دانانیان لە لایەن پەرلەمانەوە، لەگەڵ دیاریكردنی كاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی، و بانگهێشت بۆ بەستنی یەكەم دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان، دوای پەسند كردنی كۆتایی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن، لەگەڵ دەركردنی بڕیارێك بە هەڵوەشانەوەی پەرلەمان لەهەندێك باردا، سەرەڕای دەركردنی بڕیارگەلێك كە هێزی یاسایان هەیە لەهەندێك باردا، و جاڕدانی باری نا ئاسایی، و دەركردنی لێبوردنی تایبەت، و جوڵاندنی هێزەكانی پێشمەرگە، و دەركردنی مەڕسومی هەرێمی بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی پلە تایبەت لەسەر ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران. لەگەڵ بەخشینی مەدالیاو پلەی سەربازی و چەندان دەسەڵاتی تر() (تاڵەبانی، 2015، ص50-48). سەرۆكی هەرێم هەر چوار ساڵ جارێك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت.

دووەم/ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان-عێراق

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان-عێراق، بەشی دووەمی دەسەڵاتی جێبەجێكردنە لە هەرێمی كوردستاندا، بەیاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو پێكهێنراوە و ڕێكخراوە. كە لەسەرۆك وەزیران و وەزیرەكان پێك دێت، سەرۆكی هەرێم سەرۆك وەزیران بۆ پێكێنانی حكومەت، دوای ئەوەی یەكلا دەبێتەوە لە پەرلەمان، ڕادەسپێرێت. و باوەڕدان بە ئەنجوومەن ، یەكە یەكە و لەسەر خواستی سەرۆك، لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە دەبێت().

ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی دانانی سیاسەتی گشتی هەرێم و سەرپەرشتی كردنی بەجێهێنانی، دوای بڕیارلێدانی لەلایەن پەرلەمانەوە، هەیە، پرۆژە یاساكان بۆ پەرلەمان پێشنیاز دەكات و بودجەی گشتی هەرێم ئامادە دەكات، هەروەها یاساكان جێبەجێ دەكات و ئاسایشی هەرێم دەپارێزێت و بەدواداچوون بۆ كارو فەرمانەكانی وەزارەتەكان و دامودەزگا گشتیەكان دەكات،...هتد()، بەواتای كرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەلای ئەنجوومەنی وەزیرانە لەهەرێمی كوردستاندا و لەوەشەوە هەر وەك لەپەرلەمانی كوردستان متمانە وەردەگرێت، هەر لەبەردەم پەرلەمانیشدا ئەندامەكانی ئەنجوومەن، بەتاك یان بەكۆمەڵ، بەرپرسن().

تا ئێستا نۆ كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێكهێنراوە و ژمارەی وەزارەتەكانیشی لە كابینەی نۆیەمدا، هەژدە وەزارەتن.

تەوەرەی سێیەم/ بنەماو چوارچێوەی یاسای چاودێری پەرلەمانی كوردستان:

لەڕاستیدا بنەمای چاودێری كردنی پەرلەمانی كوردستان بۆ دەسەڵاتی جێبەجێكردن لەهەرێمی كوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە سیستەمی حوكمڕانی لە هەرێمدا دیمۆكراسی پەرلەمانییە، لەو

چوارچێوەیەشدا یاساناسی هەرێمی کوردستان بڕوای بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەیە، لەهەمان کاتیشدا بڕوای بە هاریکاری و هاوسەنگیی نێوانیان هەیە، بۆیە چاودێریی پەرلەمانییش دەبێتە یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە کاری چاودێری پەرلەمانیی، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمان، لەبەر رۆشنایی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانیش، بە دەستێوەردان لە کاروباری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەژمێردرێت، بۆیە ناکرێت بەبێ بنەمای یاسایی، پەرلەمانی کوردستان ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانیی لەبەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو بکات. بەڵکو پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئەو چاودێری کردنە هەبێت تاوەکو ئەو ئامرازو سنور و لایەنانە دیاری بکات کە بەو کارە هەڵدەستن و دەکەونە ژێر چاودێرییەوە. کە لەهەرمی کوردستاندا خۆیان دەبیننەوە لە:

یاساکانی پەرلەمانی کوردستان: کە بریتین لە ماددەی (پەنجاو شەشەم/ خاڵەکانی٤ و ٦ و ٧ و٩)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، وماددەکانی (پێنجەم و سیازدەیەم) لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٢.

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان: بەشی حەوتەم لەژێر ناونیشانی (چاودێریکردن)دا لە ماددەکانی (٥٨-٧٦) لە خۆدەگرێت، کە بریتین لە ئامرازەکانی (پرسیارکردن، خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ، پرساندن، لێسەندنەوەی متمانە)، لەگەڵ ئامرازی (لێکۆڵینەوەی پەرلەمانیی) کە لە ماددەکانی (46-43) لە میانەی لیژنە تایبەتیەکانی پەرلەمان دیاری کراوە کە ئامرازێکی چالاك و گرنگە لە پرۆسەی چاودێری کردنی کارەکانی حکومەت

ڕێسا عورفیەکان: کە بەپێی عورفی دەستوری لەنێوان دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا لەماوەی پتر لە سی ساڵی ڕابردوو دروست بوون.

لقی دووەم

ئاستی چاودێریکردن لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان
و بەربەستەکانی بەردەمی

بەپێی ماددەی یەکەم بڕگەی یەکەم لەیاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کودرستان بە مەرسوومی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٨ رۆژی ٢٠١٨/٩/٣٠ دیاری کرد وەک وادە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان. و بەپێی راگەنراوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان ژمارەی ٣٠٨٥٤٦١ هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەبوو لەو ژمارەیە ١٨٤٥٩٧٩ هاوڵاتی بەشداری پرۆسەی دەنگدانیان کردوە کەرێژەی بەشداری هاوڵاتیان دەکاتە ٥٩٪. لەو هەڵبژاردنەدا ٢٩ لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کردوو لە ئەنجامدا ١٦ لیست توانیان کورسی پەرلەمانە بەدەست بهێنن. و ماوەی خولەکە تا رۆژی ٦/ ١١/ ٢٠٢٢ی خایاند، کە دەکاتە رۆژی تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر گرێدانی یەکەم کۆبوونەوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا لەساڵی ٢٠١٨دا.

لەو ماوەیەشدا، لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم وپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، پەرلەمانی کوردستان ئەرکی چاودێریکردنی حکومەتی ئەنجام داوە، کە لەتەوەری یەکەمی ئەم لقەدا دەیانخەینەڕوو، لەلایەکی تریش بەمەبەستی دیاریکردنی هۆکار و بەربەستەکانی بەردەم چاودێری پەرلەمانی کوردستان تەوەری دووەمی ئەم لقەی بۆ تەرخام دەکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەوەرەی یەکەم/ ئاستی چاودێریکردن لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا، بابەتی چاودێری کردنی حکومەت تازە نەبوو، بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئامرازەکانی چاودێری کردن لەلایەن پەرلەمانتارانەوە زانراوبوون و پەنایان بۆ براوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆی نوێی پەرلەمانی کوردستان کە لە ڕێکەوتی ١٧/ ٧/ ٢٠١٨دا لەلایەن خولی چوارەمی پەرلەمانەوە پەسند کرابوو، بەتێروتەسەلی بنەمای یاسایی بۆ چاودێری پەرلەمانیی ڕەخساندبوو، بەوەی کە بەشی حەوتەمی لە ماددەکانی (٥٨ بۆ ٧٦) تەرخان کردبوو، سەرەڕای هەندێك ماددەی دیکەش لە بەشەکانی تری پەیڕەوەکەدا، بەوەش کۆی ئامرازەکانی چاودێریکردنی پەرلەمانیی بریتیبوون لە (پرسیار، پرساندن، لیژنەکانی لێکۆڵینەوە، خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆ و متانە لێسەندنەوە)، کە لەخوارەوە باسیان لێوە دەکەین:

یەکەم/ ئامرازی پرسیار

سەبارەت بەو پرسیارانەی کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاراستەی حکومەت کراون لەماوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا، بەپێی داتای بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان، ژمارەیان (١٤٢٦) پرسیارن بەم شێوەی لە خشتەی ژمارە (١) خوارەوەدا هاتوون:

خشتەی ژمارە (١) ژمارەی پرسیارەکانی لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە

| پرسیارەکان | ٢٠١٩ () | 2020 | 2021 | 2022 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی ژمارەی ئەوپرسیارانەی ئاراستە کراون | 251 | 387 | 426 | 362 | 1426 |
| ئەو پرسیارانەی لەلایەن حکومەتەوە وەڵامدراونەتەوە | 191 ٪٧٦ | 261 67% | 304 ٪٧١ | 231 ٪٦٤ | 987 ٪٧٠ |
| ئەو پرسیارانەی وەڵام نەدراوەتەوە لەلایەن حکومەتەوە | 60 ٪٢٤ | 126 ٪٣٣ | 122 ٪٢٩ | 133 ٪٣٦ | 441 ٪٣٠ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلمان بەرێگەی سەردانی تایبەتیەوە

وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت زۆرترین ژمارەی پرسیار لە ساڵی (2021) بوە کە (426) پرسیار بوون و کەمترین پرسیار لەساڵی (٢٠١٩) بووە کە (251) پرسیار بوون، هەروەها زۆرترین پرسیار کە وەڵام نەدرابێتەوە ساڵی (2022) و کەمترین وەڵامنەدرانەوە لە ساڵی (2019) بووە. زۆر جار پرسیارەکان کە ئاراستەی حکومەت کراون وەڵامەکانیان قەناعەت پێهێنراو نەبوون و داوای پرساندنیان کردوە، بەڵام بە هۆی کەموکورتی مەرجی شکڵییەوە، سەرۆکی پەرلەمان داواکەی

ڕەتكردۆتەوە. بەشێك لەپرسیارەكانیش بەهۆی بەسەرچوونی ماوەیانەوە بۆ نمونە لە (١/ ٩/ ٢٠١٩) بۆ (٢٩/ ٢/ ٢٠٢٠)، (150) پرسیار وەڵامنەدراونەتەوە (پەی،2020، ل٧-١٠٨). هەر سەبارەت بەو بابەتە ژمارەیەكی زۆر لەم خولە لە وەزیران و ئەندامانی حكومەت ئامادەی دانیشتن و گفتوگۆكان بوون سەبارەت بە پرسیارەكان و گفتووگۆ، بۆ نموونە سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی و وەزیری كارەبا زۆربەی وەزیرەكان، ئەوەش ڕوانگەیەكی ئەرێنی بە پەرلەمان و كاری چاودێری دەبەخشێت. هەروەها ئەو وەزیر و ئەندامانەی كە زۆرترین جار بانگیشت كراون و ئامادە نەبوون، وەزیری دارایي و ئابوری و وەزیری سامانە سروشتیەكان و ئەنجومەنی نەوت و گازن (پەی، 2023، ڕاپۆرتی سێیەم).

دووەم/ پرساندن

كاتێك وەڵامی پرسیارەكان جێگەی باوەڕی پرسیار ئاڕاستەكەر نەبوو، یان هەر ڕووداوێك بخوازێت، دەكرێت پەرلەمان ڕاستەوخۆ پەنا بۆ ئامرازی پرساندن بەرێت، كە سروشتێكی سەرزەنشت كردن و لێپێچینەوەی هەیە بۆ بڕیار و سیاسەتەكانی حكومەت.

لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستاندا لەساڵی (2020-2019) داوای پرساندن بۆ وەزارەتی دارایي و ئابوری كراوە، بەڵام جێبەجێ نەكراوە ڕۆژی (2020 /8 /18) لەلایەن (24) پەرلەمانتار داوای پرساندن بۆ سەرۆكی حكومەت وجێگرەكەی و وەزیری دارایي كراوە، بەڵام جێبەجێ نەكراوە چونكە لە ناو خودی ئۆپۆزسیۆن تەبا نەبوون تاوەكو ئەنجام بدرێت (پەی، ٢٠٢٠، ل108-7)، شایەنی باسە پرساندنیك كە بە شێوەی ئامادەنەبون ئەنجام دراوە بۆ سەرۆك وەزیران و جێگرو وەزیری دارایي و ئابوری بوو، لە دانیشتنی ژمارە (9) لە ڕێكەوتی (٢٧/ ١٠/ ٢٠٢٠)، حكومەت وەڵامی پرساندنەكەی بە شێوەی نوسراو داوەتەوە، پاشان متمانەی حكومەت درایەوە دەنگدانی پەرلەمانتاران و لە كۆی (90) دەنگی پەرلەمانتاران، حكومەت متمانەی (81) دەنگی بەدەست هێنایەوە. بەوەش پڕۆسەی وەرگرتنەوەی متمانە جێبەجێنەكرا (پەی، 2023، ل3).

سەبارەت بە هۆكاری كەمی پرساندن لەم خولەی پەرلەماندا، بەلای ئۆپۆزسیۆنەوە هۆكارەكە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگریكردن لەو پڕۆسەیە لەلایەن زۆرینەی پەرلەمانەوە كە پشتگیری حكومەت دەكەن (گوڵپی-جەودەت، چاوپێكەوتن، ٤/ ٥/ ٢٠٢٣). بەلای بەشێك پیكهێنەرانی حكومەتیشەوە هۆكارەكە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە كەسی یەكەمی حزبەكان لە حكومەتدان و نوێنەرانی پەرلەمان لە پلەیەكی نزمتردان لەحزبەكان، بۆیە ئاسان نیە كە پرساندنیان بۆ بكرێت (فتاح-صالح، چاوپێكەوتن، 2023 /5 /6). كەواتە دەتوانین بڵێین هۆكاری كەمی پەنابردنەبەر بەكار نەهێنانی ئەو ئامرازە دەگەڕێتەوە بۆ ئەستۆی هەردوولا لە نوێنەرانی پارتەكانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە لەلایەك، حكومەت لەلایەكی ترەوە پێویستە یارمەتی دەربێت بۆ پەرلەمان كە ئەندامیكی پرساندنی بۆ بكرێت. لەوەشەوە دەردەكەوێت كە تا ئێستا ئەو ئامرازە بەلای ئەزموونی هەرێمی كوردستانەوە هەستیارە و  ناتوانێت قبوڵی ئەوە بكات.

سێیەم/ لیژنەكانی لێكۆڵینەوە

لیژنەكانی لێكۆڵینەوە بەسەرچاوەیەكی گرنگی زانیاری دادەنرێن لە پڕۆسەی چاودێری كردنی پەرلەمانییدا، چونكە پەرلەمان داوای زانیاری لە حكومەت ناكات، بەڵكو خۆی بەڕێگەی لێكۆڵینەوە لەلایەن لیژنەكانیەوە زانیاری دەست دەكەوێت.

لەماوەی ساڵانی (٢٠١٩ - ٢٠٢٠) دوولیژنەی لێكۆڵینەوە پێك هاتوون لەسەر پرسەكانی ناوچە كوردستانیەكان و ناوچە سنوریەكان (بەڕێوەبەرایەتی كاروباری پەرلەمان، ڕێكەوتی وەرگرتن ١٠/ ٥/ ٢٠٢٣)، هەروەها لەساڵی (2020)دا لیژنەیەك پێكهێنرا لەسەر هەڕەشەكردن لە سەرۆكی فراكسیۆنی نەوەی نوی (پەی، 2021، ل15-14)، بەوەش واتە كۆی گشتی پێكهێنانی لیژنەكانی لێكۆڵینەوە لەم خولەدا بریتی بووە لە سێ لیژنەی لێكۆڵینەوە.

ئەوەش دەریدەخات كە ئاستی چاودێری پەرلەمانیی لەڕێگەی ئامرازی لێكۆڵینەوەی پەرلەمانیشەوە لاوازبووە.

چوارەم/ خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆ

بەپێی ئامارێك كە لە بەرێوەبەرایەتی كاروباری پەرلەمان دەستكەوتووە، ژمارەی ئەو بابەتانەی بۆ گفتووگۆ خراونەڕوو لەم خولەی پەرلەماندا (28) بابەتن (پەرلەمان، بەرواری وەرگرتن، ١٠/ ٥/ ٢٠٢٣)، كە بابەتەكانی گرفتی مامۆستایانی وانەبێژ، دەستگیركردنی ڕۆژنامەنوس و چالاكوانانی هەولێرو بادینان، كێشەی وەرگرتنی دەرماڵەی قوتابیان، گرانی نرخی بەنزین، پرسی چاكسازی، گرانی بازاڕ، ئاوی ماڵان. . . هتد (پەی، 2021، ل61-57-55).

پێنجەم/ لێسەندنەوەی متمانە

لەم خولەی پەرلەماندا تەنها جارێك ئەم ئامرازە وەك دەرەنجامێكی پرساندن پەنای بۆ براوە، وەك لەپێشەوە باسمان كرد، بەڵام سەركەوتوو نەبوو، چونكە حكومەت بە ٨١ دەنگ لە كۆی ٩٠ی پەرلەمانتاران متمانەی پێ بەخشراوەتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین كە تا ئێستا لە پەرلەمانی كوردستان ئەم ئامرازە بەكارنەهاتووە. ئەوەش سەیرنیە، چونكە ئەم ئامرازە زۆر هەستیار و توندە لە پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حكومەتدا لەلایەك و لەلایەكی تریش هەمیشە زۆرینەیەك حكومەتی پێكهێناوە كە پشتیوانیی لە حكومەت كردووە و هەمیشە متمانەی پێی بووە.

بەگشتی لەم تەوەرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی كە چاودێريی پەرلەمانی لە هەرێمی كوردستاندا بوونی هەیە و پەرلەمانتاران پێی ئاشنان، بنەمای یاسایي باشی هەیە و سەرجەم ئامرازەكانی لە دیموكراسیە دێرینەكاندا بەكاردەهێنرێن، بۆ پەرلەمانی كوردستانیش فەراهەم كراون.

لەڕووی پەیڕەو كردنیشیەوە دەتوانین بڵێین كە ئاستی چاودێریەكە جیاوازە بەپێی جۆری ئامرازەكان، بەشێوەیەك كە پەنابردنە بەر ئامرازە نەرمەكانی وەك (پرسیاركردن و خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆ) تا ڕاددەیەكی باش و لەئاستێكی بەرزدا بووە، بەڵام دەبێت تێبینی ئەوەش بكرێت كە لەگەڵ ئەوەی ژمارەی پرسیارەكانی ئاڕاستەكراو زۆرن، بەڵام لە هەمانكاتدا پرسیاری وەڵامنەدراوەكانیش زۆرن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی كە ئەگەر وەڵامی پرسیارەكان نەدرێنەوە یان بڕواپێهێنەر نەبن ناچن بۆ پرساندن، ئەوەی ئێمە تێبینیمان كردووە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ئاماژە بەو كاتە نەكراوە كە كەی پرسیاری وەڵامنەدراو دەچێتە قۆناغی پرساندن، واتە ناڕوونی تێدایە ئەوە جگە لەوەی كە بۆ پرساندن پێویستی كردووە كە دەبێت لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە ڕەزامەنی وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئەندامانێكی حكومەتەكەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بكرێت.

بەڵام پەنابردنە بەر ئامرازە توندەكانی وەك (پرساندن و لیژنەكانی لێكۆڵینەوە) رتا ڕاددەیكی زۆر كەم و لەئاستێكی نزمدا بووە، ئەوە جگە لەوەی كە بەكارهێنانی ئامرازە هەرە قورسەكەی چاودێری پەرلەمانیي (متمانە لێسەندنەوە) هەر بەكارنەهاتووە، نە لەم خولەی پەرلەماندا و نە لە خولەكانی پێشووشدا. بەوەش دەتوانین بڵێین كە چاودێری پەرلەمانی تا ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا لەئاستی پێوویستدا نیە.

تەوەری دووەم/ بەربەستەكانی بەردەم چاودێری پەرلەمانیي لە خولی پێنجەمدا

پیادەكردنی ئەدای چاودیری پەرلەمانیي لەو كۆمەڵگا و وولاتانەدا كە بونیادی  دامەزراوەییان لە سەرەتادایە و ناسەقامگیرە، ڕووبەڕوی چەندین ئالنگاری دەبێتەوە. هەرێمی كوردستانیش بەهۆی پێكهاتەی سیاسی و ئەو كێشە و گرفتە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتیانەی، لەسەر ئاستی ناوخۆيي و دەرەكی، بەرەوڕووی بۆتەوە، بێگومان كاریگەريي هەبووە لەسەر كۆی پڕۆسەی سیاسی و توانای دامەزراوە دەستورییەكانی لە جێبەجێ كردنی ئەركەكانیان و بەكارهێنانی دەسەڵاتەكانیان بەگشتی، لەوەشەوە چاودێريي پەرلەمانییش وەك بابەتێكی گرنگی پەیوەندی نێوان دامەزراوە دەستورییەكانی هەرێمی كوردستان.

لە میانەی دیراسەتكردنمان بۆ پڕۆسەی چاودێری بە شێوەیەكی تیۆری و پراكتیكی، تێبینی ئەوەمان كرد لە هەرێمی كوردستان، چەندین فاكتەر بەشێوەیەكی نەرێنی كاریگەریان لەسەر چاودیری پەرلەمان كردووە كە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەكەم/ نەبوونی دەستوری هەرێمی كوردستان

كە لە گرنگترین ئەو كەموكوڕیە یاساییانە، كە بنچینەی دامەزراوەبوون و سەقامگیریە، بریتیە لە نەبوونی دەستور، لەگەڵ ئەوەی پڕۆژە دەستوری هەرێمی كوردستان گەڵاڵە كراوە بەڵام تاكو ئێستا بە هۆی نەگەیشتن بە سازان لە نێوان پێكهاتەو حزبەكان، پەسەند نەكراوە. هەتاوەكو ئەو ئیشكالیەتە تێنەپەڕێندرێت ناتوانین پایەكانی دامەزراوە بوون بەتەواوی بچەسپێت، و لەوەشەوە كاری پەرلەمان و پەرلەمانتاری بەتەواوی بەهێز نابێت.

دووەم/ هەژمونی حزبەكان لەسەر كاری پەرلەمان

پارتەكانی هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە وەك پشت بەستن بە سەركردەی كاریزما، لاوازی دامەزراوەیي، جڵەوگیری دارایي و ئابوری لەلایەن سەركردایەتیەوە (حسن-حسن. 2020، ل١٢-١٣-٤٤). ئەمەش وای كردووە كە هەژموونی حزب بەسەر پەرلەمان و حكومەتدا بەهێزبێت، لەوەشەوە پێگەی حكومەت لەسەر حیسابی پەرلەمان بەهێزبێت، چونكە هەمیشە ئەو پەیوەندیە حزبییە بەهێزە وادەكات كە ئەندامانی پەرلەمانی كوتلەكانی حكومەت پێك دەهێنن، كەمترین فشار بخەنە سەر حكومەت و چاودێريي تەواوی نەكەن (صالح، 2019، ص175).

سێیەم/ نەبونی متمانەی سیاسی نێوان پارتە سیاسیەكان

سیای بێ متمانەیی نێوان پارتە سیاسیەکان لە پەرلەمان، ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە لە خستنەڕووی بابەتەکانی وەك هەمووارکردنی یاسای هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی کۆمسیۆن و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و پێداچونەوەو پەسەندکردنی پرۆژە دەستور. . . . . . هتد. ئەمەش وای کردووە کە کۆدەنگییەك لەسەر چاودێرییەکی کارایانەی پەرلەمان دروست نەبێت.

هۆکاری ئەو بێ متمانەیەش، عبدالسلام بەرواری دەیگەڕێنێتەوە بۆ هەبونی کێشە لەبیرکردنەوەی تاکی کوردی، ئەوەش لە سەر هەموو دامەزراوەیەك ڕەنگیداوەتەوە (ئابوری -کۆمەڵایەتی-سیاسی - مەدەنی) بیرکردنەوە بە پێوەری ئیداری و نیشتمانی نیە، بەڵکو بە پێوەری کۆنە، بەڵام لە قاڵبی حزب، بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان زاڵن حزب پیرۆزتر دەبینێت لە حکومەت (بەرواری، چاوپێکەوتن، ریکەوتی2023 /7 /17).

چوارەم/ سازانی سیاسی

مەبەست لە دیموکراسیەتی سازان، دابەشکردنی دەسەڵاتە لە نێوان کۆمەڵگا دابەشبوەکاندا لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسی حکومەت، بەمەبەستی هێنانە کایەی سیاسەتێکی یەکگرتوو (نجار- رشید، 2021، ص205). لە کوردستان سازانی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسیە ئاراستە جیاوازەکانە نەك جیاوازی مەزهەب و ئاین و نەتەوەکانیدا، ئەوەش لادانە لە چەمکی سازاندا، چونکە پێویست ناکات سازان لەنێوان ئاراستە جیاجیاکاندا دروست بکرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا سازانی سیاسی زیانی زۆری لە چاودێری پەرلەمانیی داوە، چونکە سازان پێویستە تەنیا بۆ بابەتە چارەنوس سازەکان بێت و لە ئەرکی چاودێریدا هەر پێویست نیە (بەرواری، چاوپێکەوتن، 2023 /7 /17). هەروەها بەهۆی ئەو سازانە زۆرینەی پەرلەمانی لە ناو پەرلەمان دروست دەبێت، حوکمی زۆرینە دەبێتە ڕێگر لەوەی چاودێریەکی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکرێت(گوڵپی، چاوپێکەوتن، 2023 /5 /4).

پێنجەم/ کەلتورو ڕۆشنبیری سیاسی کۆمەڵگە

سەقامگیری سیاسی بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستیت بە کەلتور و ڕۆشنبیری سیاسی، بەیەکەوە گونجانی کەلتوری سیاسی نێوان ڕۆشنبیری نوخبەو جەماوەر یارمەتی دەر دەبن تاوەکو سەقامگیری بە سیستەمی سیاسی ببەخشێت، ئەگەر نا بەش بەش بونی کەلتوری سیاسی ناسەقامگیری لێ دەکەوێتەوە (المنوفي، ١٩٨٧، ص161). .

کەلتوری سیاسی کوردی بەشێوەیەکی ڕێژەکی کاریگەری نەرێنی دروست کردووە لەسەر نوێنەران لەپەرلەمان و پاشان ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوە لەسەرچاودێری پەرلەمانی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلتورە سیاسیەی نەوەی کۆن بۆ نەوەی نوێ گوازراوەتەوە ئەو پاشماوە سیاسیەکاریگەری خراپی بۆ ڕۆشنبیری نوێنەران، بۆیە پێویستی بە دروستکردنی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ لە ڕێگەی خێزان و قوتابخانەو دامەزراوەی ناحکومی هەیە لەگەڵ دروستکردنی ڕۆشنبیری ڕێزگرتن لە ڕای یەکتر.

شەشەم/ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە چاودێری پەرلەمانییدا

ئەرکی چاودێری بە گشتی لەسەر شانی کوتلەکانی ئۆپۆزسیۆنە لەناو پەرلەماندا، لەبەر ئەوەی لەم خولە ژمارەی کورسیەکانی ئۆپۆزسیۆن، بە بەراورد بە پارتەکانی بەشدار لە حکومەتدا، کەمن، ئەمە وادەکات کاری چاودێری چالاک نەبێت.

هەشتەم/ پێکهاتەی سیاسی پەرلەمان

نەناردنی کەسی یەکەمی پارتەکان بۆ پەرلەمان و هەروەها ئامادەگیان لەناو حکومەت، وادەکات چاودێری پەرلەمانیی هەنگاوەکانی سنوردار بکرێت.

دەرئەنجام

لە میانەی ئەوەی خستمانە ڕوو دەکرێ گرنگترینی دەرئەنجامەکان بخەینە ڕوو سەبارەت بەپەرلەمان و کاری چاودێری و ئەدای چاودێری لە خولی پێنجەمی پەرلەمان:

چاودێریی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە و پەرلەمانتاران پێی ئاشنان، بنەمای یاسایی باشی هەیە و سەرجەم ئامرازەکانی لە دیموکراسیە دێرینەکاندا بەکاردەهێنرێن، بۆ پەرلەمانی کوردستانیش فەراهەم کراون. بە دەق نوس لە هەریەکە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی (1992) و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئاماژە پێکراوە واتە بنەمایەکی یاسای هەیە بۆچاودێری .

لەڕووی پەیڕەو کردنیشیەوە دەتوانین بڵێین کە ئاستی چاودێری پەرلەمانیی جیاوازە بەپێی جۆری ئامرازەکان، بەشێوەیەك کە پەنابردنە بەر ئامرازە نەرمەکانی وەك (پرسیارکردن و خستنەڕووی بابەتێك بۆ گفتوگۆ) تا ڕاددەیەکی باش و لەئاستێکی بەرزدا بووە، بەڵام دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت کە لەگەڵ ئەوەی ژمارەی پرسیارەکانی ئاڕاستەکراو زۆرن، بەڵام پرسیاری وەڵامنەدراوەکانیش زۆرن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکان نەدرێنەوە یان بروایپێهێنەر نەبن ناچن بۆ پرساندن.

پەنابردنە بەر ئامرازە توندەکانی وەك (پرساندن و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە) تا ڕاددەیەکی زۆر کەم و لەئاستێکی نزمدا بووە، ئەوە جگە لەوەی کە بەکارهێنانی ئامرازە هەرە قورسەکەی چاودێری پەرلەمانیی (متمانە لێسەندنەوە) هەر بەکارنەهاتووە، نە لەم خولەی پەرلەماندا و نە لە خولەکانی پێشووشدا. بەوەش دەتوانین بڵێین کە چاودێری پەرلەمانی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا لەئاستی پێوویستدا نیە.

یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی کاریگەر لەسەر ناچالاکی ئەدای چاودێری پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان نە ناردنی کەسی یەکەمی پارتەکانن بۆ پەرلەمان.

نەبوونی دەستوری هەرێم و فراوانی هەژموونی حزبەکان لەسەر حکومەت و پەرلەمان و خراپ جێبەجێکردنی سازانی سیاسی و کەلتوری ڕۆشنبیری سیاسی کۆمەڵگا و لاوازی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمان و نەناردنی کەسی یەکەمی حزبەکان لەناو پەرلەماندا، کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکین بۆ لاوازی چاودێری پەرلەمانیی لەهەرێمی کوردستاندا.

ڕاسپاردەکان

لە پێناو دەستەبەرکردنی سەقامگیری سیاسی ئابوری وا پێویست دەکات پەلە بکرێت لە پەسەندکردنی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان.

بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگی هاوکاری نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، پێویست دەکات کەسی یەکەمی پارتەکان بچنە پەرلەمان.

دەست بردن بۆ گۆڕانکاری لە کەلتوری سیاسی کۆمەڵگاو بنیادنانەوەی لەسەر دامەزراوەبوون و کارکردن لە چوارچێوەی دەسەڵاتی عەقلانی

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم/ کتێب

أ-کتێبە کوردیەکان

شێرزاد نەجار، (2021) چۆن سیاسیانە بیر بکەینەوە ژ، 19، هەولێر، گۆڤاری گوڵان.

پێشەوا حمید عبدالله، (2009) پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدراڵدا، سلێمانی، چاپ وپەخشی هەوری.

چواس حسن، (2009)، بنەماکانی هەڵبژاردنێکی پاك وبێگەردو پەرلەمانێکی ئەکتیف، هەولێرچاپخانەی ڕۆژهەڵات.

عوسمان علی وەیسی، (2009)، دەروازەیەك بۆ کاری پەرلەمانی، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

د. نوری تاڵەبانی (2015). پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان و ڕەنجی بیست ساڵە، هەولێر، تەفسیر.

ب-کتێبەکان بە زمانی عەرەبی

. شاخوان زنگنه، (٢٠١٦) مدى فعالية الدور الرقابي للبرلمان، الاسكندرية، دار الفكر الجامعي.

. كمال المنوفي، (1987) أصول النظم السياسة المقارنة، كويت، شريكة الربيعان.

أحمد يحيى الزهيري، (٢٠١٣) الدور الرقابي لبرلمان العراقي بعد عام2003، لبنان، دار السنهوري.

ادهم ابو قاسم أحمد، (2014) اعمال السلطة التنفيذية، مصر دار شتات والبرمجيات.

أدهم عبدالقادر الحاج، (٢٠١٦)، الرقابة البرلمانية على السياسة المالية للدولة، الاسكندرية، دار الجامعة.

بختيار غفور بالكي، (2010)، الوظائف غير التشريعية للبرلمان، اربيل، مطبعة شهاب .

بسمة عبدالمعطي الحوراني، (2016)، النظام البرلماني وتطبقاته، الاردن، دار الوائل للنشر.

بشير علي باز، (2015)، الاستجواب البرلماني كأدات رقابية فعالة على اعمال الحكومة، مملكة بحرين، دار فكر الجامعي.

پێشەوا حميد عبدالله، (2013) المسؤولية السياسية للسلطة التنفيذية فى النظام البرلماني، مركز كوردستان للدراسات الاستراتجية.

حسن مصطفى البحري، (٢٠١٨)، النظم السياسة المقارنة، دمشق.

سيروان زهاوي، (٢٠١٥)، النظام البرلماني، زين الحقوقية، بيروت.

عادل الطبطبائي، (١٩٧٦)، النظام الاتحادي فى الامارات العربية، بدون مكان طبع.

فلاح مطرود العبودي، (2018) توازن السلطة وفعالية النظام السياسي، زين الحقوقي، بيروت، لبنان.

كريم لفتة مشاري، (2016)، المسؤلية السياسية للوزارة فى النظام البرلماني، بيروت مكتبة السنهوري.
المحامى وسيم حسام الدين أحمد، (٢٠١٠) البرلمانات العالم العربية، لبنان، المنشورات الحلب الحقوقية.
ياسين عبد الامير طمعة الكوفي، (٢٠١٨) التنظيم الدستوري للانظمة البرلمانية، بيروت، زين الحقوقية.

دووەم/ گۆڤاری ئەکادیمی
گۆڤارە کوردیەکان
هاوڕێ حەسەن-فەرهاد حەسەن، (2020) سروشتی حیزبە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ، سلیمانی، ژمارە 44.
گۆڤارە عەرەبیەکان
محمد عبده امام، الوظيفة الرقابية للبرلمان و دورها فى المصالح العليا للدولة، مجلة كلية الدراسات الاسلامية والعربية، عددخامس جزءثاني .
. نقادى حفظ، (2014) وسائل الرقابة البرلمانية على اعمال السلطة التنفيذية، الدفاتر السياسة والقانون، العددالعاشر، 2014.
زانا رؤوف حمة كريم-دانا عبدالكريم سعيد، (2014) اسسيات النظام البرلماني، واشكالياته فى اقليم كوردستان-العراق، المجلد (4)، العدد (2) .
شنطاوى فيصل، (2011) وسائل الرقابة البرلمانية على اعمال السلطة التنفيذيةفى النظام دستور الاردنى خلال فترة (2009-2003)، جامعة النجاح للابحاث، مجلد، 25عدد، ( ٩).

سێیەم/ ماستەرنامەو دکتۆرانامەکان
أ- بە زمانی کوردی
بارزان جوهر صادق، (2020) متانەی سیاسی بەسیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زانستەسیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
صەبری نوری ملا، (2022) چاودێری پەرلەمان لەسەر کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکاریە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.
بە زمانی عەرەبی
دكتور محمد باهي أبو يونس، (2012) الرقابة البرلمانية على الاعمال الحكومة، الاسكندرية، جامعة جديد.
زيد نضال شاكر الغرب، (2019) الاستجواب كأحد أدوات الرقابة البرلمانية فى النظام الدستورى الاردنى، جامعة الشرق الاوسط.
سردار ياسين حمدامين، (2000)، استقلال السلطة القضاء بين النظرية و التطبيق، رسالة ماجستير، كلية قانون و السياسة، جامعةصلاح الدين.
لطيف مصطفى امين، (2000) مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها و تطبيقها فى الدساتر العراقية، رسالة ماجستير، كلية قانون، جامعة السليمانية.
محمد صابر كريم، (٢٠٠٠)، التعددية السياسية وآثارها على السلطة التشريعية فى اقليم كردستان، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية.
ايوب محمد طيب محمد صالح (2019)، تقويم أداء برلمان كوردستان-عراق (2005-20013)، أطروحة دكتوراة، كلية العلوم السياسة, جامعة السليمانية.

چوارەم/ دەستورو یاساو پەیرەو بەڵگەنامەکان
یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو.
یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (1) ی ساڵی 1992هەموارکراو.
یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو.
پەیڕەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق (٢٠١٨).

پێنجەم/ چاوپێکەوتنەکان
چاوپێکەوتن لەگەڵ علی حمە ساڵح، پەرلەمانتار لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەرواری چاوپێکەوتن، ٩/ ٥/ ٢٠٢٣.
چاوپێکەوتن لەگەڵ عمر گوڵپی، پەرلەمانتار لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەرواری چاوپێکەوتن، 2023 /5 /4. ٤/ ٥/ ٢٠٢٣.
چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالسلام بەرواری ئەندامی پێشوی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی زەرد. هەولێر ١٧/ ٧/ ٢٠٢٣.
چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عمر نورەدینی ئەندامی پێشوی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی زەرد. هەولێر. ١٧/ ٥٧/ ٢٠٢٣.
چاوپێکەوتن لەگەڵ عباس فتاح، پەرلەمانتار لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەرواری چاو ٩/ ٧/ ٢٠٢٣.
چاوپێکەوتن لەگەڵ د. شێرکۆ جەودەت، پەرلەمانتار لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەرواری چاوپێکەوتن،٩/ ٧/ ٢٠٢٣.

شەشەم/ دامەزراوەکان
ئینستیتیۆتی پەی بۆچاودێری و هەڵسەنگاندنی کاری پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)، سلێمانی.
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمانی کوردستان-عێراق.

# The Parliamentary Oversight of the executive power:
# The experience of the Fifth Term of the Kurdistan Parliament (2018-2022) in perspective

Rezan Mhedin Nagim
Department of political system and public policy, College of political science, Salahaddin University –
Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
rezan. nagim@su. edu. krd
Asst. prof. Dr. Chwas Hassan Rsool
Legal adviser, Kurdistan Parliament, – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Chwas. rasool@su. edu. krd

Abstract

The parliamentary oversight of the executive power is, beside the lawmaking duty, is most significant and key function of any parliament. It constitutes the central relationship between the legislative and executive authorities, The core of the oversighting authority by the parliament implies holding the government accountable for its actions and for ensuring that it implements policies in accordance with the laws and regulations. This becomes more significant in the practice of the parliamentary political systems.

Nevertheless, on the practical level, practicing the oversighting authority is not as straightforward as might appear theoretically. Accordingly, in order for parliament to effectively monitoring the actions and decisions of the executive authority, certain constitutional rules and legal tools and means are required to be determined.

In the Kurdistan Region's experience, ever since the Kurdistan Parliament was established in 1992, the question of the parliamentary oversight of the

Kurdistan Regional Government (KRG) has been meticulously organised either through legislations that have constitutional nature or by the Parliament's internal regulation and bylaw.

This research is primarily concerned with a critical evaluation of the practicing the oversight authority of the Kurdistan's Parliament of the actions of the (KRG). It addresses the tools and methods developed by Kurdistan Parliament to bolster its crucial oversight role, and it demonstrates that oversight of the executive itself, more than lawmaking, in the pivotal dimension of the Parliament of Kurdistan and democratic control over decision-making.

Through invoking a modern methodology and extensive research in the relevant literature the research generally concludes that despite the fact that the issues related to the oversighting authority have been greatly organised, in practice, the process has been as effective as it should. Particularly, when it comes to the issues related to accountability and the motion of no confidence.

The research also, detects the shortcomings of the parliamentary oversighting in Kurdistan, and proposes more sufficient mechanisms, which if they will be considered they make the process more adequate and produce more effective outcomes in both governing and democratic processes in Kurdistan.